بارزانی: کێبانێ ناوچەیەکی کوردییەو نابێت دەستی بێ ببرێت ئەمەش رێککەوتنی لەسەر کراوە



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی لەبارەی پشتیوانییان بێ رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، من هیچ کاتێک بڕوام بێ شێ نەبووە، بەڵام بگاتە سەر ئەوەی تێعدا لێ کورد بکرێت، ئەوکاتێ ئەمە ئامادەین بێ هەمو شتێک. لەبارەی گەمارۆدانی کێبانێش وتی، کێبانێ ناوچەیەکی کوردییەو نابێت دەستی بێ ببرێت، ئەمەش رێککەوتنی لەسەر کراوە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی، ئەمڕۆ هەینی، لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئیتالیا، لەگەڵ لێدوانێکدا بێ رۆژنامەنوسان وتی، قەداستی پاپا و وەزیری دەرەوە و بەرگریی ئیتالیا زۆر لێگەڵ کورد هاوسۆزن، قەداستی پاپا بەپەرۆش بو بێ دۆخی کوردستان و بەتنی دا کێ هاتە عێراق، بێتە کوردستانیش.

وتیشی، وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی ئیتالیا جەختیان لەوە کردەوە بەردەوام دەبن لە پشتیوانی کردنی کوردستان و پێشمەرگە، هەروەها ئەوەی پێیان بکرێت لەگەڵ دەستکانیان لە ئەوروپا و ئەمریکا، هەوە بدەن پشتیوانی لە گەلی کوردستان بکەن بەتایبەت لەودۆخە ئاڵۆزی لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە.

مەسعود بارزانی لەبارەی ئاشتبوونەوەی کوردستان و هێرشی گروپەچەکدارەکان وتی، دروستبوونی گرژی و ئاشتبوونەوەی کوردستان وردەکاری زۆر، بەڵام ناکرێت هەموو وردەکارییەکان باس بکەین.

وتیشی، هەر کە شەڕ لە حەلەب دەستپێکرد، من پەیامەکم بۆ ئەحمەد شەرع ، سەرکی ئیستای سوریا نارد لەوێگەی دەستەکی عەرەب کە دەستەکی ئێوانێ و ناسیاویانێ و پێم وت کە شەڕی نێوان دو هێزی سیاسی دەبێت چارەسەر بکرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک قابیلی قبوون نییە تێعەدا لە کورد بکرێت، لەبەرئەوەی ئێم پرسە دەرهاوێشتەی زۆر مەترسیداری دەبێت و پێویستە وریا بن.

ئەوەشی خستەڕوو، بەیە ئەحمەد شەرع داوای کرد کە بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ بکات، منیش بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد و دوپاتی کردەوە کە ئەمە نابێت و پرسەکی مەحاڵ و ناگۆ بۆ شەڕ نادرێن، دوای ئێو تەم باراک تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: پێم خۆش بەمە هەوڵەر و مەزڵوم عەبدیش لەگەڵ من بێت، منیش وتم، بەسەرچاو، بەیە ئێوان هاتن.

هەمای بۆ ئەوەش کرد، ئەمە لە کەبونەوەدا بوین کە پەیام دوای پەیام دەهاتن و ئاماژەیان بۆ ئێوە دەکرد شەڕ دەستپێکردوەتەوە.

بەقسەی بارزانی "شەڕکە، هێزە عەشایرە عەرەبییەکان بون کە لەگەڵ بەشار ئەسەد بون، دواتر کە داعش هات، چونە پاڵ داعش، کە داعش نەما، پەیوەندییان بە هەسەدەوە کرد، ئێستا کە هێزی سوپای سوریا هاتون، جارێکی دیکە وەلائی خۆیان گۆڕی، ناوچەکەیان بادەستی دیمەشق کردەوە، شەڕکە بووەتە بووە."

سەرکی پارتی وتیشی، من لەمەڕە بە مەزڵوم عەبدی و برادەرانی دیکەشم وتوە، چارەسەرێک بدۆزنەوە، ئێو ناوچە عەرەبییانە دەنگ ببنە کێشە بۆتان.

سەبارەت بە ناوچەکانی دەڕوای کوردستانیش کە ئێستا مەترسی هێرشکردنە سەریان لەسەرە بە ئێوەی داگیر بکرێن، مەسعود بارزانی وتی، ئێستا ئێو ناوچە کوردییانەی کە بەدەستەوە ماوە، هەموو هەوڵەکمان بۆ ئێوەیە ئێو ناوچانە بمێننەوە و پارێزراو بن، مافی خەڵکی ئەمە لێوە بە هەر شێوەیەک بێت، پارێزراو بێت بەوشێوەیەی کە خەیان رەکەوتنی لەسەر دەکەن.

مەسعود بارزانی وتی، دوێنێ کۆبوونەوەیەکی دیکە لێنەوان مەزڵوم عەبدی و تیم باراک و فەرماندەی سێنتکۆم لە هەولێر بەڕێوەچوو، لەسەر ئاگربەست ڕێکەوتون، هێندێک هێنگاوی باش نراوە، ئومێدەوارم ئەو ئاگربەستە درێژە بکێشێت و بگەنە ئەنجامێک کە لە بەرژەوەندی هەمو لایەکدا بێت، چونکە شتێ لە بەرژەوەندی هیچ کەسێکدا نییە، هاوکات کردار شەرتە، قسە و خەدەرخستن و موزایەدات پێویست ناکات.

مەسعود بارزانی دوپاتیکردەوە کەمەترسی داعش یەکجار زۆرە و داعش تەواو نەبوو، ئەو دەخێی لە سوریا دروستبوو ئیستا، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ داعش دروستکردوە.

وتیشی، هەشتا زانیاری ورد نییە چەند لەو داعشانە ڕایان کردوە، بەڵام زانیاری هەیە و دڵنانین ژمارەیەکی زۆر ڕایان کردوە، بۆیە ئەمە مەترسیەکی زۆر گەورەیە.

ئاماژەی بەوەشداوە، ڕێککەوتنێک لێنەوان ئەمریکییەکان و عێراق کراوە، بۆ ئەوەی ئەو داعشانەی لە سوریا ماون، هێوانەی عێراق بکرێن و لەوێ زیندانی بکرێن، وتیشی ئاگەڕ ئەمە بکرێت باشە، بەڵام هیچ زانیارییەک نییە چۆن دەبێت.

سەرۆکی پارتی لەبارەی دەخی ڕۆژئاوای کوردستان وتی، "دە و دەرونمان لەگەڵ خوشک و براکانمانە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمە میانگیری نییە، من هیچ کاتێک بەوام بە شەڕ نەبوە، حەزیشم بە شەڕ نەبوە، بەڵام بگاتە سەر ئەوەی تێعدا لە کورد بکرێت، ئەوکاتە ئەمە ئامادەین بە هەمو شتێک، ئەمە نامانەوێت بگاتە ئەوە، تاکو مومکین بێت بەزمانی لێکتگەیشتن و بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، دەبێت بەم شێوازە بێت، بەڵام ئاگەڕ بەرنامەیەک هەبو بۆ ئەوەی تێعدا لە کورد بکرێت و کورد لە ناوچەکە نەمێنێت، ئەو وەختە ئەمە هەمو یەکین."

سەبارەت بە گەمارۆدانی کۆبانێ، مەسعود بارزانی وتی: "هەرچیم پێ بکرێت بۆ کۆبانێ، دەیکەم، ئاگەڕ دەرفەت هەبا وەکو ساڵی 2014، ئیستا هێزم دنارد بۆ کۆبانێ، بەڵام ئەو دەرفەتەی ئەوکاتە هەبو، ئیستا نییە، کۆبانێ لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەیە کە ناوچەی کوردیین و نابێت دەستی لە بدرێت، ئەمە ئەوەیە کە قسەی لەسەر کراوە و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، ئەمە لەسەر ئەو دڵنین."